# هێلکەکانی کاکمان

## خالید مەجید فەرەج

بۆ ئەوەی خوێنەری هێژا و بەتایبەتی ئەوانەی کۆمۆنیزم بە تاقە ڕێگە بۆ خەلاس لە هەموو دەردە کۆمەڵایەتی و ئیقتیسادی قەومیەکان ئەزانن لێم عاجز نەبن ، عەبدی فەقیر بەش بەحاڵی خۆی ئەو ڕێگەیە بەرز ئەنرخێنێ، بەڵام بۆ ئەو برادەرەی ئەم بەسەرهاتە زەرەری لە قازانجی زیاتر بوو، بۆ؟ ئێستا بەیانی ئەکەم: ئەو تا خوێندنی سەرەتایی وناوەندی تەواو کرد هیچ عەیبی نەبوو ، هەرکاتێک لێیان بپرسیایە پاشەڕۆژ ئەبی بە چی ئەیووت موهەندیس، کاتێک کەوتە سەرسکەی خوێندنی ئامادەیی، ووتمان بەخوا وابڕوا مەگەر خۆی حەزی لێنەبێ ئەگینا لەپێش هەموو کەسێکەوە توببیش وەری ئەگرێ.

بەڵێ، تا ئەو ئێوارەیەی لە مەکتەبەی عامە ئەهاتەوە ئەمە بۆچوونی ئێمەو هەموو دەوروبەریشمان بوو لەسەر ئەو زاتە ، زۆر غەریب ئەهاتە بەرچاووم و حاڵەتی نا ئاسایی بوو بەدەم ڕێگاوە پەنجەی هەڕەشەی ڕا ئەوەشان و بەدەم خۆیەوە مشتومڕی بوو، لێم پرسی خێرە خۆ لەگەڵ کەس تێکهەڵنەچوون؟ ووتی بەرەوەڵا، ووتم لەگەڵ کێ؟ ووتی کەسێکی دیاری کراو نیە، ووتم تێناگەم ئەی ئەو هەڕەشانەت لە کێ ئەکرد؟ ووتی لە سەرمایەداری جیهانی و ئیمپریالیست و دارو دەستەکانی لەم ناوچەیا، ووتم جا تۆ بە تاقی تەنیا دەرەقەتی ئەو هەمووە دێیت ؟ ووتی بێقەزابی ئەوەندەش کەم ئەقڵ نیم، ووتم ببەخشە منیش مەبەستم ئەوە نیە، ووتی هەموو کرێکارو زەحمەت کێش و گەلانی بن دەست و کوتلەی ئیشتراکیمان لەپشتە ووتم مەعلوم؟ ووتی مەعلوم.

هەرچەند لە مێشکی خۆما ئەم هێناو و ئەم بردو لێکم ئەیایەوە، ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیەم لە کەسێکەوە کە هەموو ئاواتی ئەوەیە ببێتە موهەندیس و ئێستا بۆتە جەنگاوەرێک لەدژی سەرمایەداری بۆ نەئەچووەوە سەر یەک، تا ڕۆژێک برادەرێکی نزیکی ووتی کاکە ئەو کوڕە زۆر گۆڕاوە ئێستا لەبری ئەوەی سەری بەسەر کتێبەکەیا شۆڕ بکاتەوە، لولی ئەکا و ئەیخاتە گیرفانی شەڕواڵەکەیەوەو لە ناو چیمەنی مەکتەبەی عامەیا لەگەڵ کابرای بنێشت هەر باس باسی سیراعی تەبەقیە، خۆشت باش ئەزانی حکومەت چاوو گوێی لە هەموو کون و قوژبنێکا چانووە ،خوا بکا یەکێک لەوانە لە دەمیەوە نەیا، ووتم جا قوڕی کوێ بکەین بەسەرمانا ،ئێستا بابە موهەندیسمان ناوێت ئەترسین خۆشی لە سەر ئەم بەزمە با بە قەڵبەیەکا، ووتی وەڵڵا هیچ بە دووری مەزانە چوونکە لە هیچ شوێنێک دەمی ناوەستێ.

نازانم لە کوێ ئەو نەعلەتیەی تووش هاتبوو ئەو بیروباوەڕەی وا بۆ شەرح و تەفسیل کردبوو بە هیچ کلۆجێک لەمێشکی نە ئەهاتە دەرەوە، ئیتر لەبری هەندەسەی خانوو بەرەو ڕێگاوبان گوتار و موناقەشەکان کەوتنە سەر بەرەی ئاشتی خوازی سۆسیالیزم، و بلۆکی جانەوەری ڕۆژئاوا، و عەدالەتی ئیجتیماعی ئەڵمانیای دیموکرات، و لەبرسا مردنی فەقیرو هەژارانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا،و چاوچنۆکی سەرمایەداری، و بە خشندەیی سۆڤیەت و پشتیوانی بێسنوری بۆگەلانی ماف خوراو، زۆر سەرتان نەئێشم ئەو فیکرەیە لەلایەکەوە سەری هەندەسەو مەندەسەی واتا ئیشە ئەقڵیەکەی برد بەقوڕا ، لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی برای دەم ڕاست وپشتیوانی زەحمەت کێشان لەژیانیا تەنها کار کەکردبووی موناقەشەی گەرمی بەر دوکان و سەر چیمەنی سەوز بوو بۆیە کاری دەست و بازویشی فت .

ساڵی کوڕەوەکە وەکو ئە عالەمە کەوتینە بەری خۆرهەڵات و کاکی مونەزیریشمان لە گەڵ بوو، هەموو ئەمانزانی کە خۆی بۆ ناگیرێ و هەرکەسێ دەمی بسووتێ و بەباشە باس لە سەنعەتی ڕۆژ ئاوا بکا بۆ نموونە سەیارەی (مارسیدس)، ئەم بۆی دەرئەپەڕی و ئەیکا بە موناقەشەیەک ئەوسەری دیارنەبێت، و ئەگەر لەسەریشی بڕۆن بە مزرە جنێو بەر ئەبێتە ئەقڵی دواکەوتوویان،و وا ئەنیشێتە سەریان تا نەیان باتەوە

ئەوجێگەیەی کە یەکەم جار لێهاتونەتە سەر دونیا وزایان لێناهێنێ.

وەکو عەرزم کردن زەمان ساڵی 91 بوو شوێنیش خۆرهەڵات و نیزامیش بە قەولی خۆشەویستان لەوێ ئیرتیجاعی بوو، ئێمەش تاسەر یەسقان دەستەوخواریان بووین ، کە ئەوانەش هیچیان لەخزمەتی تروحاتە پێشکەوتوو خوازەکانی کاکمانا نەبوون، بۆیە هەقمان بوو بترسین و بەردەوام دەنووکمان لەسەری بێ، دەمانگووت کاکی برا رەحمێکمان پێبکە، ئەوەتا بەوحاڵە لەدەست بەعس ڕامان کردووە، سەرمانی لێدەرکەی کە بەفەلاکەت نەجاتی بووە، خۆت وەکیل بە بزانە هیچمان بۆ دەرچووە؟خۆ ئەگەر لێرە ئەو نەختە پەتاتە و نانە نەبێت لەبرسان خۆمان و مناڵمان ووشک هەڵدێین، مەعز بۆ خوا ئەگەر بە مووەقەتیش بێت لەبەخاتری ئێمەنا لەبەخەر خاتری ئەومناڵانە واز لە مەبدەئە بێنە، کە تا ئەم دەقەیە لە زەرەر بەولاوە قازانجی یەک عانەی نە بۆ خۆت و نە بۆ کەس و کارت نەبووە .ووتی هەرچەندە لەبەرابەر کۆنەپەرستان نابێ وای نیشان بدەی کە قسەت پێنیە، بەڵام هەوڵ ئەدەم ئەم ماوەیە بێدەنگ بم، ووتمان بارەکەڵڵا.

ڕۆژێک ووتی ئەمەوێ نەختێک بای باڵی خۆم بەم، ووتمان دەبڕۆ بۆ ناو ئەودارانە بۆ خۆت نەختێک پیاسە بکە، ووتی خۆ تەرەزان نیم بەتەنیا بچمە ئەو دارستانە، خەریکە مێشکم ئەتەقێ ئەمەوێ نەختێک خەڵک ببینم، قسەو باسێکە، هەواڵێکە، نابێ بزانیین ئەم وەزعە بەرەو کوێ ئەڕوا ،هەموو ووتمان یا ساتر و دەستمان لەسەر دڵمان دانا،چوونکە ئەمانزانی لەو شوێنە کە کەمێک لە تەمەدونەوە دوورە ئەو تەرزە بیرکردنەوەیان بۆ قوت ناچێ ئەگەر رەحمی پێبکەن و بەگرتی نەیەن، سەد دەر سەد بەبێ دارکاری قوتار نابێت، ئەویش ڕێک ئەچێتە چاخانەیەک و کەلعادە دای ئەمەزرێنێ. سەرتان نەئێشێنم چۆنمان قەبڵاندبوو خشت ئاوای کردبوو ،بەڵام بە عەکسی تەوەقوعاتی ئێمەوە ئێوارە لەولاوە بەتەبەقێ هێلکەوە دەرکەوت و لە خۆشیا هەموو گیانی پێئەکەنی، هێواش هێواش بەرەو ڕوومان ئەهات ،کاتێ گەیشتە لامان بەدەنگێک کە هەمووی لە خۆ ڕازیبوون، وەیان هەست کردن بە سەرکەوتن بوو ووتی سڵاوێکتان لێبێ، ووتمان دەستت قورسە دیارە لەو قوڵەوەی کە تۆ بۆی چووی هێلکەیان تەوزیع کردووە بەسەر ئاوارەکانا، ووتی نەوەڵا ووتمان ئەی ئەمەت لە کوێ بوو؟ووتی بەخوا ئەوەی ڕاستی بێت موناقەشە دامەزرا، ووتمان ئەوەشتێکی ئاشکرایە و خۆشمان هەروامان دانابوو، بەڵام ئەم هێلکەیە پەیوەندی بە موناقەشەوە چیە؟ ووتی چۆن نیەتی تەواوی ئەو شوێنەی کە بۆی چووم هەواداری ئەو فیکرە دەرچوون کە منی لەسەرم ، و لەسەر دانە بەدانەی تەرحەکانم موافیق بوون و زۆریان لا پەسەند بوو ئەو تەبەقە هێلکەیەشیان هەر لەبەر ئەوە خەڵات کردم .

هەققەتەن زۆر دەست خۆشی و دەم خۆشیمان بەسەرا بارانو و ئافەرینی زۆرمان لە خۆیی و ئەفکاری کرد، چوونکە بەڕاستی زۆر تامەزرۆی هێلکەو ڕۆن بووین ، پیاو ئەبێت ڕاست بێژێ ئەوەی ئەوڕۆژە ئەو کردی بە کەسمان نەئەکرا هێلکەکان زۆر خۆشبوون بەڵام مەخابن ئەوە هەوەڵ و ئاخرین دەسکەوتی ئەو ئایدۆلۆژیا وموناقەشانە بوو کە کاکمان هەندەسەکەی نایە بانی .